**تۆ تیرۆر کرایت لە پێناوی ڕاستی ووتندا .. ( مەرگی بێ وادەت عەجەب ڕەنگی ڕشت ).**

## تۆ تیرۆر کرایت لە پێناوی ڕاستی ووتندا .. ( مەرگی بێ وادەت عەجەب ڕەنگی ڕشت ).

لەلایەن on March 11,2008



## عادل چەرمەگایی :

بە داخەوە ڕۆژی چوارشەممە لە شاری کەرکوك دکتۆر ستار تاهیر شریفی تەمەن 74ساڵ بە دەستی تیرۆریستانی هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی کوژرا لە گەڕەکێکی کوردی شاری کەرکوك کە تیرۆریستانی بیانی ناوێرن بچنە ئەو گەڕەکەوە , کوشتنەکەشی دیارە کە بۆچی و لە پێناوی چیدا کوژراوە ؟ ئەم پیاوە نوسەر بوو , ڕاست گۆ بوو , مێژووی وەکو خۆی ئەگێڕایەوە , من عیلاقەم نیە بەسەر ئەوەی ئەم پیاوە هەر چییەك بوە ,نە لەسەر بەعسێتی , نە لەسەر ئەوەی لای ڕژێم وەرزیر بوبێت کوژرا بێت ئەگەر ئەوە بوایە ئەو پیاوە لە ساڵی 1995 وە لە کوردستانە , کەس هەقی نەبوە بەسەریەوە , بۆیەش کوژرا لەبەر ئەوەی ماوەی چەند مانگێکە لە ڕێگەی میدیا کانی کوردستانەوە , بیرەوەرییەکان دەگێڕێتەوە و ئێمەی کورد بەو مێژووە شاراوەیە ئاشنامان دەکات , هەر بە و گێڕانەوانە کارێکی کردوە هەیبەتی بۆ لێپرسراوە کوردەکان نەهێشتۆتەوە, بۆیە کوژراش لەبەر ئەوەی وەکو کەسێکی سیاسی و ئاشنا بە زۆربەی ڕووداوەکان و ژیانی پڕ لە خیانەتی سەرکردەکانی کورد ( مەلامستەفا و مەسعودی کوڕی , جەلال تاڵەبانی ) ئاشنا بوو , لە دوو ژمارەی گۆڤاری لڤیندا دیمانەیەکی لەگەڵ ساز کرابووبەداخەوە نەگەیشت سەرجەم ڕووداوەکان وەکو خۆی باس بکات و کوشتیان , کە ئەم ڕاست بێژی وِ پەردە لادانانە لەسەر نهێنی و ژیانی سەرکردەکان کارێکی کرد کە هەیبەت بۆ سەرانی کورد نەهێڵێ , هەندێ شتی ووتوە تا ئێستا ئەوە بۆ هەموومان شاراوە بوە و ئەوە یەکەم جارە کەسێك کە خۆی ئامادەی ئەو مێژووە بوە بوێرانەباسی کردون , دیارە درکاندنی ئەو نهێنیانە زیانی بۆ پەزەکە دەبێت و ئیتر ئەو کەش و فشەی سەرانی کورد ئەیانکرد کە وا سیمبولی کوردایەتین نەدەما ,بۆیە بۆ ئەوەی زیاتر نەبنە پەندی زەمانە و دەم بەو ڕاست بێژە دابخەن بڕیاری کوشتنی لە لایەن هەردوو بنەماڵەوە دەرچوو , لە بەشی یەکەمی دیمانەکەیدا لەگەڵ لڤیندا دەڵێ ( من هەتا ئێستاش حساب بۆ بارزانی ناکەم , مەلا مستەفا لەبار تر بوە بۆ گفتوگۆ چونکە عەشایەرێکی هیچ نەزان بوە , لە ساڵی 1964 بە مەلا مستەفام ووتوە ئەوەی تۆ ئەیکەیت گفتوگۆنیە ئاشبەتاڵە ,وە دەڵێ بارزانی پێی ڕەوانەبینیم مامۆستای قوتابخانە بم لە کەرکوك و بە نەقڵ کردنی دام و موچەکەشی کەم کردمەوە ) .

وە لە بەشی دووەمی دیمانەکەدا دەڵێ ( تاڵەبانی بە دەستی سەدام مە زبەحەی پشت ئاشانی شیوعیەکانی سازکرد لە گفتوگۆی ساڵی 1984 ,مام جەلال بۆ ئەوەی فەرشەکەی ژێر پێی لانەچێت نایەڵێت زابتەعێراقیەکان لە سێدارە بدرێن , ئەوەی سەرکردەکان ئەیان کرد شۆڕش نەبوو بەڵکو بازرگانی بوو ,مام جەلال سوپای ئێرانی هێنا بۆ تەق تەق بۆ لێدانی دیموکرات و مەسعود سوپای عێراقی لە 31 ی ئابدا هێنابۆ سەر هەولێر , من خۆم هەتا ئێستا خەتی مەسعودنیم , منیان بە ئەمن و بەعسی حساب دەکرد کەچی خۆشیان ئەمن و بەعسیان هەبوو دوایش بە چەپڵە لێیان خۆش بوون ) دیارە من تەنها ئەو نمونانە دەهێنمەوە کە لە لڤیندا باسی کردون ,دیارە کۆمەڵێ دیمانەی تریشی کردوە و ڕەخنەی زۆری لە سەرانی کورد گرتوە , زۆر کەس ڕەخنەی گرتوە , بەڵام سەرانی کورد زیاتر لەوانە دەترسن لە نزیکەوە ڕاستیەکان دەزانن ئەوەتا پشکۆ نەجم الدین کتیبەکەی نوسیوە , چونکە زۆر ڕاستی تیایە لە لایەن حکومەتەکەی هەردوو بنەماڵە مافیاکەی کوردستانەوە نایەڵن بڵاو بێتەوە ,دکتۆر کەمالی سید قادر ڕاستیەکانی ووت چیان بەسەر نەهێنا , دەیان ڕۆژنامەنوس و نوسەر ڕاستیان ووت زیندان و نان بڕین بوە

بەشیان , ئەوانەی تۆش ووتوتە هەموو ئەو ڕاستیانەن کە ئێمە زۆر دەمێکە عەودالًی ئەوەین , بۆیە بەبڵاو بونەوەی ئەو ڕاستیانە تروسکاییەکی تر بەدی کرا بۆ بینینی ڕاستیەکان , هەر لەیەکەم دیمانەوە پارتیەکان لێت کەوتنە تەقە ,دەیان ناو و ناتۆرەی بەعسی و مخابەرات و جەلالی و خائینت بۆ هەڵبەسترا , هەر لەبەرِ ئەوەی قسەکانت بۆ بارزانی بوە , لە دیمانەی دوایشدا جەلالیەکان کەوتنە ئەوەی لە پارتیەکان خراپترت پیَ بکەن , تەنها لەبەر ئەوەی ڕاستیەکانت ووتوە , ترسیان لەوە هەبوو کە لە ژمارە کانی ئاییندەدا ڕاستی زیاتر بڵێیت , بۆیە بۆ کۆتایی هێنان بەو ڕاستی ووتنەی تۆ بڕیار ئەدەن تیرۆر بکرێیت , خۆشی دوای ئەم بەزمە ئەوەیە جەماعەتی بارزانی ئەڵێن یەکێتی کوشتویەتی , جەماعەتەکەی مام جەلالیش ئەڵێن پارتی کوشتویەتی , هەردوو کیشیان بە درۆوە ناخۆشحالًی خۆیان دەبڕی , بەڵام هەموومان دڵنیاین تیرۆر کردنی تۆتیرۆر کردنی ڕاستیەکان بوو , پێش تۆ چەندین نمونەی تر هەیە کە لە سەر ڕاستی ووتن یان کوژِران یان زیندان کران , یان نان بڕاو کران بۆیە ئەبوایە تۆش بە دەردی هەموو ڕاست بێژەکانی پێش خۆت لیَ بێت , چونکە ئەوان خۆیان باش زانِیویانەتۆ چەندە ڕاستی دەزانی , بۆیە تۆیان بە گوللەیەك لەناو برد , مێژووش دەری دەخات ئەم پیاوە کیَ تیرۆری کردوە , من لە ئێستاوە دەڵێم ئەم پیاوە بە دەستی هەردوو بنەماڵەی مافیا ی کوردستان بارزانی و تاڵەبانی کوژراوە ....